# مەولەوی!
# یان: گەڕانەوە بۆ سەرچاوە!

محەمەد حەمەباقی

کامە پەری‌و ئەوینی نهێنی‌و ئەفسانەیی بوو، هەر لە سەرەتای تەمەنی مەولەوی ـ یەوە، دەستیان لە دڵە کێوییە کەی وەشاندو، هەموو عومری مەولەوی ـ یان نوقمی ئەوینێکی سەرومڕ بێ بڕانەوەی سرووشت‌و زێدە کەی کرد، کە هەر بە گڕو کڵپەی هەمان ئەوینیشەوە، باوەش بە شیعردا بکات و، خۆی بە میراتگری قەباڵەی ئەدەبێکی تەمەن درێژی دیالیکتی گۆرانی بزانێ و، لە ماوەیە کی کورتی تاقیکردنەوەی شیعریا، لە یەک کاتدا: لە لایە کەوە توانی رووبەری جوگرافیای جەماوەری ئەم شێوە زمانە فراوانترو شیرینتر بکات و، لە لایە کی تریشەوە، لە ناو ئەم جوگرافیایە دا، نەخشەیە کی تایبە تمەندو جیاواز، بۆ خۆی دیاری بکات، کە شیعری کوردی لە سەر دەستی ئەمدا باڵاتر هەڵچێ و، هەموو کۆڵە کە کانی ئێستا تیکای شیعر، تازە گەرییان بە سەردا بێت و، جوانیی‌و نەمریی هەتا هەتایی بدات بە شیعر...!؟!؟.

ئە گەر ئەم پرسیارە چڕانە، تا ئێستا لە لایەن رەخنە گران‌و توێژەرەوان‌و شیعر ناسانی کوردەوە، بە تەواوی وەڵام نەدرابێتنەوە و، پلەو پایە و شوێنی مەولەوی لە ئەدەبی کوردی و، لە بواری نرخ شناسیدا دەستنیشان نە کرابێ، مانای وانییە مەولەوی پەیامە کەی خۆی بەناتەواوی داوەتە دەست نەوەی دوای خۆی.. بەڵکو بەپێچەوانەوە، نەوەی دوای مەولەوی و، بە تایبەتیش لەم حەفتا ساڵەی دواییدا، کە کارو باری بە سەر کردنەوەی شاعیرانی کلاسیکمان‌و ناساندنیان، کەوتوونەتە بەر رووناکیی و، لە هەمان کاتیشدا، کە

گوژمو هەنگاوی خێرای رەخنەی بابەتیو زانستیانەی ئـەدەبیی، لای گـەلانی دوور و، دراوسێکانمان، لە بەرەوپێش چووندان.. ئەوەی دەربارەی مەولەوی، بۆ نـەوەی نـوێ ناساندرابێ، چەند تەقەللایەکی ناو بە ناو بوون،(١) کە لە عۆدەی ئەم کورتە نووسینەی مندا نییە، ئەو نووسینانە بە سەر بکەمەوە و، هەڵیان سـەنگێنم.. بـۆیە ئـەگـەڕێمەوە بـۆ مەبەست و، ئەڵێم قەوارەی ئەو ناساندنەی لەم حەفتا ساڵەی دواییدا بۆ مەولەوی کراوە، هێشتا بە ئەندازەو قەوارەی ئەو ناساندنە کە مەولەوی، لە سەر دەمی ژیانی خـۆیدا، بـە خۆیەوە دیوە و، بۆی کراوە... چونکە مەولەوی هـێشتا خـۆی لە ژیـاندا بـووە، کـە لە لایەکەوە: وەک شاعیرێکی هەرەگەورەو دیار، لە لایەن تێکڕای شاعیرانـی دیـالیکتی گۆرانەوە، بە سەر کراوەتەوە و، لێی ئاڵاون و، وەک ڕا بەرێکی شیعریی و، ناوەندێکی ئەدەبیی خۆشیان وێستووە و، نامەی شیعرییان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ کردووە... لە لایـەکـی تریشەوە، وەک مرۆڤ، لە هەموو شاعیرانمان زیاتر، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە هێز بووە و، نامەگەلێکی زۆری لێ جێماوە، کە بۆ دۆست گەلێکی سەر بە توێژو چینە جیا جیاکانی کـۆمەڵ نـووسیوێتی و، ئـەیسە لمێنن کـەچ لای جـەماوەری هـەژاری نـاوچە دوا کەوتووەکەی و، چ لای پیرو پیر زادەکانی و، چ لای زانایان و، چ لای میرانی بابان و، بە تایبەتیش لای میرانی ئەردەڵان و، تەنانەت لای سەرانی قاجار ـ یشەوە، بە کەسێکی زاناو ڕەوشت بەرزو خاوەن هەڵوێستو دڵسۆز، سەیری کـراوە و، جـێگەو ڕێـزی تـایبەتی هەبووە و، پلەو پایەی مەزنیان بۆ داناوە و، لەم مەیدانەشداگەڵی جارتکامی لێکراوە وەك ریش سپی و ناوبژیکار، بۆ بڕانەوەی گەڵی کێشەی کۆمەڵایەتی و، ئایینی بێتە مەیدانەوەو قسەی خۆی بکات و، لای هەر دوو میرانی بابان و ئەردەڵانیشەوە پێشنیاری بۆ کـراوە بچێتە پایتەختو شارە گەورەکانیانەوە و، خانەقاو مەدرسەی بـۆ بکـەنەوە و، لە سـەر فرمانی (غوڵام شاخان) ی میری ئەردەڵانیش، لە ئاهەنگیکی پڕ تەدارەکدا، بە ڕەسمی، لەقەبی (مەولەوی) پێ دراوە(٢) ... دیسان هەر ئەم شازادەیـە، لەگـەڵ ئـەوەشدا کـە لە باوەش دایکێکدا گەورە بووە، سەدان فرسەخ، لە زێدو زمانی مەولەوی ـ یەوە دوورە،

کەچی ئەوەندە عاشقو هۆگرو سەراسیمەی شیعری مەولەوی بووە، نەک هەر بە دیالیکتی گۆرانی، بەڵکو سەیر لەوە دایە، بە شێوە زمانی (تاوەگۆزی)، شیعری لەگەڵ مەولەوی دا ئاڵوگۆڕ کردووە![٣]

ئەم جێگەو ڕێزە ئەدەبیی و کۆمەڵایەتییەی مەولەوی، دیاردەیەکی ئەوەندە پڕ سەروەرییە بۆ ئەدەبەکەمان، کە پێشینەی نەبووە و، شاعیرێکی ترمان نییە، ئەوەندەی مەولەوی، ئەم شکۆو مەزنایەتییەی لە ژیانی خۆیدا، بە خۆیەوە دیبێ..

لە پەیجوورو تاو تو پێکردنی ئەم دوو جۆرە پەیوەندییەی مەولەوی دا، هەندێ ئاکاممان دەسگیر ئەبن، کە جێی سەرنجو لێدوانی تازەن و، بۆ ئەوە ئەشێن ببن بە کەرەسەو هەوێنی زیاتر ناساندنی مەولەوی و، شیعری کوردی، لەو سەردەمەدا..

بۆ دەرگا خستنە سەر پشت، لە سەر ئەم رازە، سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم دیالیکتە، سەدان ساڵ بەر مەولەوی ـ ش ئەدەبی پێ نووسراوە، چونکە لەسەدەی دەیەمی زایین و، رەنگە پێشتریش، کتێبی (ماریفەت و پیری شالیاری زەردەشتی)[٤] پێ نووسراوە، کە لە بارەی ئایینی (زردەشت)ەوەیە.. دوای ئەمیش کتێبی (سەر ئەنجام)[٥]ی پێ نووسراوە، کە لە ناو خەڵکدا بە (سروودی یارسان) ناسراوە و، کتێبی ئایینی (ئەهای هەق)[٦]ە.. لە پاڵ ئەمانیشدا وەک لە (ئینسکلوبیدیای ئیسلامی ـ چاپی ئینگلیزییەکەیدا) هاتووە، (بابا تاهاری هەمەدانی)ش شیعری بە دیالیکتی گۆرانی، بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی (ئەهلی هەق) لە ناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا، نووسیوە[٧].. ئیتر ئەم ئەدەبە، بە دەم رەگ داکوتانی زیاترەوە، هەر لە بەخشینو دروەشانەوە دابوو، کە شاعیرانی دیارو ناوداری بەر لە مەولەوی و، سەردەمی مەولەوی ـ ش، هەر بەم دیالیکتە شێعریان نوسیوە، وەك: (مەلا پەریشان ـ سەدەی چواردەیەمی زایینی)، (بیسارانی ـ ١٦٤١ ز ـ ١٧٠٢ ز)، (خانای قوبادی ـ ١٧٠٠ ز ـ ١٧٥٩ ز)، (مەلا خدری رواری ـ ١٧٢٥ ز ـ ١٧٩٠ ز)، (صەیدی هەورامی ـ ١٧٨٤ ز ـ ١٨٣٥ ز)، (میرزا شەفیعی جامەرێزی ـ ١٧٨٥ ز ـ ١٨٤٨ ز)، (ئەحمەد بەگی کۆماسی ـ ١٧٩٣ ز ـ ١٨٧٦ ز)، (میرزا قادری پاوەیی ـ

١٨٣٥ ز ـ ١٩٠٧ ز) و.. هتد.. ئەمانەو جگە لەو (٢٧) شاعیرەی کە (ئی.بی. سۆن) لەو تارەیدا سەبارەت بە شیعری گۆرانی، لە سەری نووسیون و، نموونەی لە (٢٧) شاعیریان هێناوەتەوە، کە کاتی خۆی (د. سەعیدی سنەیی) ئەم دەستنورسانەی پێشکەش کردوونو، ئێستا لە مۆزەی بەریتانی پارێزراون و، هەمووشیان پێش ساڵی (١٧٨٨ ز) ژیاون..[٨]

بەم ئاوڕدانەوە خێرایە لە مێژینەی ئەدەبی دیالیکتی گۆران، بۆمان دەر ئەکەوێ کە ئەم شێوە زمانە، لە دێرینەیەکی هەزار ساڵ زیاترەوە، جگە لە زمانی ئەدەب، زمانی ئایینیش بووە.. بۆیە ئەڵێین ئەم دیالیکتە رەگو ریشەی لە مێژینەیەکی ئێجگار تۆندا داکوتاوە و، هەر ئەمیش بووە بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی لە تەمەنی زیاتر لە شەش سەدەی[٩] میرنشینی ئەردەڵان دا، کردوویەتی بە زمانی رەسمی و، ئەدەبیی ئەم میرنشینەو، (هەر دەسەڵاتی سیاسیی ئەم میرنشینیەش، ئەدەبی بە دیالیکتی گۆرانی پێشخست و، گەیاندییە لووتکەی داهێنانو گەشە سەندن)[١٠]، بەڕادەیەك کەزەبرو دەسەڵاتی داهێنەرانەی ئەدەبی ئەم دیالیکتە، هەمیشە لە سنووری میرنشینی ئەردەڵانیشی تێپەڕاندووە و، وەك مامۆستا (گۆران) ئەڵێ: (لە کاتی شکۆیا جار بووە سێ کوچکەی ناوەندی کەرکووك، هەمەدان و، کرماشان هەمووی بگرێتەوە)[١١]، بۆیە ئەبینین لە نێوان ئەو (٣٨) نامەیەی مەولەوی، کە تا ئێستا بە چاپ گەیشتوون و، ئەو شاعیرانەش کە شیعری لەگەڵ گۆڕبونەتەوە، هەندێکیان بۆ دۆست گەلێکن، لە دەرەوەی سنووری ئەم میرنشینەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، نامەکانیش و شیعرەکانیش بۆ ئەو دۆستانەن، کە ئەدەبی دیالیکتی گۆران سەرمەشقیانەو[١٢]، ئەوەندەیشی کە ئێمە مەبەستمانە، نامە شعرییەکانی مەولەوی ـ ن، کە لەگەڵ ئەم شاعیرانە دا هەیەتی: ئەحمەد بەگی کۆماسی، مەلا نیزام، شێخ عەبدولرەحمانی داخی، شێخ حەسەنی سازانی (بولبول)، مەلا فەتاحی جەباری، شێخ مۆمنی سازانی، مەلا عەبدولرەحمانی نەجار، مەلا یونس، شێخ عەزیزی جانەوەرەیی، مەلا چراخو و زیباخانم.

که واته مەولەوی هەڵگرو درێژە پێدەری پەیامێکی رەسەنی دەستاو دەست کردووی، نەوە، دوای‌نەوەیە، کە ئەم دیالیکتە توێشوویەتی.. ئەم دیالیکتەش ئەوەندەی ئەو شەقڵگرتنە پێشکەوتووەی کە بەو عومرە بە دەستی هێناوە، ئەوەندەش کە لەگەڵ خەڵکُو زێدەکەیاندا ژیاوە، بۆتە پێناسەو مێژوویەکی خەڵکەکە.... مەولەوی ـ ش لەم مەیدانەدا، کەهات، بە عەشقێکی قاڵبی یەزدانیی‌و ئەفسانەییەوە، زۆر بە ئەمانەت و، ئەمەکدارییەوە، بە دەسەڵاتێکی شاعیرانی کەم وێنەوە، شوورەو سنوورێکی خەیاڵیی، بە دەوری ئەم زمانەدا دروستکردووە، کە ئەگەر بکرێ و بتوانین، ناوی ئەنێین: کۆماری شیعری مەولەوی! وەک چۆن (ئیفلاتون) کۆماری خەون‌و ئاوانی خۆی پێکهێناوە.. مەولەوی ـ ش لەم کۆمارەدا، بە سەرکێوی شیعری لە بن نەهاتووی خۆیەوە، وەک ئاسکێکی سڵۆکُو بە پارێز! بە چاوی هەمیشە زیتارو بێدارو بێ تۆقرەوە.. بەوڵە راوکەو بیرەو بیرەیەکی بێ ئەندازەوە.. بە هەناوێکی هەڵوە داو بێ ئارام‌و شپرزەوە ـ؛ کە گیان ئەکەن بە تەنووری سورەوە بووی گڕکانی ژانی شێعر پژانی بەردەوام..! هەر سات‌و رۆژو شەوەی بە سەر رەوەزێکی نەدیوی ئەم کێوەوە.. هەر دەمەی بەلای خەم‌و خەندەیەکی تازەی ناو ئەم کۆمارەوە.. شارەزاو بە ئاگا لە بچووکترین رووداوەکانی ناو ئەم کۆمارە ..؛؛ هەر لە شنینەوەی چڵەوە نەو شەیەکی کاوانەوە، تا لەرینەوەی چڵەگیایەک، راچەنیوەو راچڵەکیوە..! شوێن فڕینی باڵندەیەکی کۆچەریی کەوتووە و، تاگەڕاوەتەوە، پەژارەو چاوەڕوان بووە.. لەگەڵ کۆچی گەرمیان‌و کوێستانی خێڵاتی جافدا، سەرەڕێیانی لێگرتوون و، یەک یەک سەرژماری کردوون، بزانێ کامیان تەمە!.. ریشەی جەرگُو پەردەی دڵی خۆی بۆ کردوون بە نووشتەی چاوەزار و، بە قۆڵ‌و مەچەکی کچە جوانەکانی جافەوەی بەستووە..! لە بچووکترین‌و دوورترین خەم‌و کۆستی ئازیزانیا، کسپەو زام گەیوەتە دڵی ئەم و، فرمێسکی شیعری، لە خەمبارو کۆست کەوتووەکان زۆرترو بە سوێ تر هەڵڕشتووە... کە روومەتە سپی‌و سافەکانی (شێخ عەزیزی جانەوەرەیی ـ هاوڕێی)، ئاوڵە ـ دەر ئەکات؛و شەکانی ئەم، روومەتی خۆیان ئەڕنن..!

لەگەڵ (مەحموودی یارەویس ـی کوڕ کوژراودا)، گریانو شیوەننامەی شیعری چەندان جاری ئەم، بێ برانەوە بووە.. لە پرسەی ناکامیی (شێخ صەمەدی خانەگا) دا، زاوا رۆیەی ئەم، بە کوڵتر بووە..! لە کۆتەڵی جافەکانیشدا، شیعری ئەم، بۆ کوژرانی (قادر بەگ) بە جۆشتر گریاوە..! گوێی لە خوڕەو قەڵبەزەی ئاوی دوورترینو تەنگترین دەربەندوگەروو بووە..! شوین مەرگو ناشتنی پایزانەی تاقەگەڵایەکی دەوەنێکیش کەوتووە..! لە سەرماو سۆڵەی زستانە ساردەکاندا، تۆیی دەروونی خۆی، نەک هەر بۆ مرۆڤی ناو کۆمارەکەی، بەڵکو بۆ (نەسیم) ی نیشتمان کردووە بەلانەو ژووری گەرم:

نەسیم، پەنجەی پات ئەر سەردیی کێشان،

بـــدارەش نـە تـۆی دڵ دەروون رێشـان!

ئەم ئاشنایەتیو ئەوینەی لەگەڵ سرووشتو زێدەکەیدا، هەموو تـەمەنو هـەستو شیعری داگیر کردووە و، لە یەکدا تواونەتەوە.. بە جۆرێک، وەک چۆن ئەڵێن (حەزرەتی سلێمان)، زمانی باڵندەوگیان لە بەرانی زانیوە، مەولەوی ـ ش ئاوا، زمانی بـوونەوەرانـی سرووشتەکەی زانیوە و، یەکە یەکە لەگەڵیاندا دوواوە.. سەری ناوە بە سەریانەوە و، رازی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشتوون.. پـیاسەی هـەردانو سـەربەرزان و، لای دۆسـتانی لەگـەڵدا کردوون..!

تێری لە دیدەنیو تێڕوانینی بەردەوامیان نە خواردووە و، لە هەموو دیدەنیو بە سەر کردنەوەیەکیشدا، جار دوای جار، جوانترو رازاوەتر، هاتوونەتە بەرچاوی .. وەختو ناوەخت بە سەری کردوونەتەوە.. لە بەرەبەیاندا، کە کازیوەی نـیشتمانی دیـوە، وەک دڵدارەکەی لە ناو نوێنی خەودا ببینێ، ئاوا هاتۆتە بەرچاوی و، بـە تـاسەوە، سـەری لە سنگو بەرۆکە رووتەکەی کازیوە نزیک ئەکاتەوە و، بۆنی ئەکات!

بـۆی یـــەخەی سـەحەر، پـەی دەمـاخ دڵ

مانۆ وە نەسیم، جێب جەمین گوڵ ل: ٤٦٧

ئەگەریش خۆی نەیتوانیێ سەردانێکی دۆستێکی بکات، یەکێک لە بوونەوەرەکانی سرووشتەکەی راسپاردووە، کەکارەکەی بۆ بکات.. لە مەشدا زۆرترین راسپێرییەکانی بە (با) داناردووە، کە لەم بوارەدا مەولەوی تاقەشاعیرێکە، بە ئەندازەیەکی کەم وێنە، جۆرەکانی (با)ی زێدەکەی بناسێ و، شیعری زۆریان بۆ بڵێ (۱۳) ...!. یان کە دۆستێکی بە سەر ئەکاتەوە، بەکسەر، لە پاڵیشیا ناوی ئەو جێگایە، یان رەمزێکی ئەو جێگایە دێنێ، کە ژینگەی دۆستەکەیەتی.. وەک ئەوەی بە هەڵی بزانێ و، بە تیرێک دوو نیشان پێکەوە بپێکێ و، بڵێ، بیری هەردووکتان .. بیری هەمووتان ئەکەم و، هەردووکتان لای من، تەواوکەری یەکترن و، یەک شتن.. لەمەشیاندا دیسان وەک مەبەستی بێ، زۆربەی ئەو جێگایانە ناو ئەبات، کە لە ناو کۆمارەکەیدان! ... واتە ئەو شوێنانەن کە دیالیکتی گۆران ئەیانگرێتەوە، وەک: (بانە، ئاربەبا، سەرقەڵا، کێوی ئاتەشگا، خانەگاو پاوە، قوللەی قەزاڵە، کێوی شاهۆ، شاکەل، چەمی زەڵم، رووباری سیروان، ئەردەڵان، کێوی ئاویەدەر، زرێبار، مەریوان، کوێستانی ساراڵ، هەزارکانیان، قوللەی وەیس.. هتد) (۱۴) ..

ئەمە، ئەوەمان لا دووپات ئەکاتەوە، کە مەولەوی، هەر ئەم کۆمارەی خۆی پێ نیشتمانە و، هیچ جێگەیەکی تری پێ نیشتمان نییە، بۆیە کە (ئەحمەد بەگی کۆماسی)، بۆ ناوچەی (رەشت و گێلان) دوور ئەخرێتەوە، بە شین و شەپوورەوە، هانا بۆ سرووشت ئەباو، گلەیی لە دۆستەکانی خۆی و ئەحمەد بەگ ـ لە بوونەوەرەکانی سرووشت ئەکات، کە ئیتر خۆیان نەڕازێننەوە و، ماتەم بن، چونکە کەسێکی ناو کۆمارەکە، جێیان ئەهێڵێ!

ملان، سەربەرزان، کۆساران، هەردان　　بێ شەرتان، جەداخ وەفاتان مەردان

چیشەن ئارایش، سەرتا وە دامان!　　مەر خاڵۆم، وە عەزم سەیرتان ئامان؟

مەشنیە، چین‌چین، چنوور نەکاوان،　　توخوا ماتەم بە، هاژەی وەفراوان!!

ل: ۱۴۱، ۱۴۲

ئەمە لە کاتێکا، ناوچەی (رەشت و گێلان)، ئەو شوێنە ناخۆشە نییە، دڵی تیا تەنگ بێ.. بەڵام بە پێچەوانەوە، کە دۆستێکی دوور کەوتەوی، پێ ئەنێتەوە سنووری

کۆمارەکەی، دڵ . دەروونی ئاوەدانو ڕۆشن ئەبێتەوە و، شاگەشکە ئەبێ و، ڕۆحی ئەکەوێتە شایی، وەک چۆن بۆ هاتنەوەی (شێخی بەهادین) لە سەفەری (حەج) ئەڵێ:

ئایینەی کامڵ، ئایینەکەی فەرد فیدای ئامان بام، سەفاییت ئاوەرد
خەیلێن گەردپات، نە دیدەم دووربی یانەی چەم، وێران، تەمام خاپوور بی..
خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە گەردپات وەتەن ئاوا کەردەوە..

ل: ٤٧

ئەم لکانو نووسانو باوەشە پڕسەو داو سەمەرەیەی مەولەوی، بە خاکو زێدەوە، پێناسەیەکی تایبەتمەند و، دەگمەنیان داوە بە مەولەوی ..کە لە ناو سەرجەمی شاعیرانماندا، شیعری هیچیان ئەوەندەی شیعری ئەم، بۆنی نیشتمانیان لێ نایەت..! شیعری مەولەوی، نوقمی ناسینی خەم و خەندەی ئێمەیە.. بۆنی نێشتمانە..! وەک چۆن بە دیتنی گوڵی نێرگزە بۆنی بەهار ئەکەین..؛ بە شیعری مەولەوی ـ ش بۆنی خاکی مەولەوی ئەکەین..! ئەم بۆ نەشی ئەوەندە شاعیرانەو هونەرمەندانە، ئاوێتەو ئاخنراوی شیعرەکانی کردووە، ڕووخسارو ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێکەوە جۆش داوە.. لە ڕووخساری هیچ شیعرێکیا، ئایدیا، هاوارو ژاوە ژاوی، دروشم پیا هەڵدان ناکات.. بۆیە لە شیعری سەرجەمی ئەو شاعیرانەشماندا، کە لەریزی پێشەوەی دڵدارانی نیشتمانن، شیعری کەسیان ئەوەندەی شیعری مەولەوی، نیشتمانیان لە هەناویاندا هەڵنەگرتووە.. ئەگەر هەڵیشیان گرتبێ، لە ڕووخساری شیعرەکانیاندایە، نەک لە سەر لە بەری ناوەڕۆکدا.. چونکە کەسیان ئەوەندەی ئەم، شارەزای خەمو خەونی زێد نین و، کەسیان ئەوەندەی ئەم لە نزیکەوە، سەریان نەناوە بە دڵی خاکەوە و، لێدانەکانی بژمێرن.. بۆ وێنە: شاعیرێکی وەک (حاجی قادری کۆیی ـ ١٨٢٤ ز ـ ١٨٩٧ ز)، کە بە بولبولی نیشتمان ناسراوە و، سەرەڕای ئەوەش وەک مامۆستا (گۆران) پێی ئەڵێ: (ئەو نیشتمان پەرستە، دڵسۆزە، کە هەر هاوارێکی شیعری، بەشی شۆڕشێک ئاگرو جۆشی لەگەروو ئەهێنایە دەرێ)، [١٥] کەچی ئەگەر وەک بەراورد، چەپکە گوڵی هەردووکیان، بە دوو دەستەوە بگیرێ، بێ هیچ دوو

دڵییەک، هەست ئەکەین شیعری مەولەوی، زیاتر بۆنی زێدیان لێ دێت..! لەم بارەیەوە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ئەڵێ: (هەر چی وەسفی سرووشتە، لای خانیو نالیو شاعیرانتی کلاسیکمان، دیمەنێکی گشتیی سرووشتمان دێتە بەرچاو، بێ ئەوەی جیای بکەینەوە، کە ئەمە سرووشتی کامە ولاتە!، بەڵام هەرچی نەخشەی سرووشتە لە هۆنراوەی مەولەوی دا، تەواو خۆماڵییە..)[16] .. بۆیە ئەگەر عەڤداڵی دیتنی رووی ڕاستەقینەی خۆمان بین، ئەبێ سەیری ئاوێنەی شیعری مەولەوی بکەین.. وەک چۆن ئەگەر بۆ رووخساری (شەمسی - تەورێزی) بگەڕێنن، ئەبێ دوو تویی شیعری (مەولانای ڕۆمی) بۆ بگەڕێین..!.

لەم دیدەنییە کورتەی کۆمارەکەی مەولەوی دا، بە شوێن سەرەداوی ئەو رازە دا ئەچینەوە، کە پێشتر دەرگامان لە سەر کردەوە و، وتمان: ئەو دۆستو شاعیرانە و، ئەو چیاو گوندو شارانەی ناویان لە نامەو لە شیعری مەولەوی دابوو، هەموویان ئەوانە بوون، کە کۆمارەکەی مەولەوی ئەیگرتنەوە..! ئەمەش پرسیارێکمان لا دروست ئەکات، کە ئەگەر پێشتریش کرابێ،[17] لاوەکی بوون و، خۆیان بۆ سۆراغو وەڵامدانەوە، ماندوو نەکردووە.. منیش ڕەنگە وڵامی بن بڕم نەبێ، بۆیە هەر ئەوەندە توخنی ئەکەوم، کە دەرەقەتی دیم و، ئەڵێم: لەو نامەگەلەی مەولەوی، کە بۆ دۆستان و، بە تایبەتیش بۆ شاعیرانی نووسیون، نەك هەر نامە بۆ (نالی)، یان بۆ (مەحوی)، کە ئەمیان لە چاو ئەوانیتردا، بە گیانی مەولەوی - ش نزیکە و، لەگەڵ مەولەوی دا، سەر بە یەک ڕێبازگەی ئایینیشن.. بەڵکو تاقە نامەیەکیشیان تێدا نییە، بۆ شاعیرێکمان نووسرابێ، کە بە کێشی عرووزی عەرەبیی، شیعری نووسیبێ! .. ئەمە لەکاتێکدا لە پاڵ کۆمارەکەی مەولەوی دا، واتە: لە میرنشینی باباندا، کە دراوسێی نزیكو تێکەڵاوی هەمەلایەنەی لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵاندا هەبووەو، بە هۆی گواستنەوەی پایتەختەکەشیانەوە، لە (قەڵاچواڵان) وە بۆ (سلێمانی)و، دەسەڵات پەیداکردنی زیاتر و بە هێزبوونیانو، بۆ چاولێکەرییش لە میرنشینی ئەردەڵان، کە شێوە زمانێکی شەقڵگرتوویان هەبووە.. پێویستی بوونی شێوە

زمانێکی تازەیان لە قوتابخانە شیعرییەکەی (نالی ـ ١٨٠٠ ز ـ ١٨٥٦ ز) و، هاورێکانیدا دیوەتەوە و، سەرومڕی ژیانی مەولەوی ـ ش هاوکاتی سەرهەڵدانو گەرمەی باسو خواسی ئەو قوتابخانە شعرییەی (نالی) بووە.. کەچی بۆ وێنە: مەولەوی، کە چەند جار نامە لە هەورامانەوە، بۆ بەغدا ـ بۆ بناری هەورامان ئەنووسێ، بە سەر (سلێمانی)ی تازە پایتەختی بابان و، زێدی (نالی) و، هاورێکانیدا، باز ئەدات و، لە ناو هێنانی ئەو جێگایانەشدا، کە لە دوو توێی شیعرەکانیدا بە سەرمان کردنەوە؛ ناوی تاقەچیاو، گوندو شارێکیش ناهێنێ، کە لە جوگرافیای میرنشینی باباندان!!.. ئەمە، ئەوەمان لا ئەسەلمێنێ، کە مەولەوی، کەمو زۆر پەیوەندی ئەدەبیی لەگەڵ شاعیرانی ئەم قوتابخانە تازەیەدا نەبووە و، نەیویستووە بیبێو .. بە نامەکان و، بە ناو هێنانی شوێنە جوگرافییەکانیشدا دەر ئەکەوێ، کە لە سەر چەمی (زەڵم)ی سنووری خۆر ئاوای میرنشینی ئەردەڵانەوە، ئەبینێ، تا (قوللەی وەیس)ی سنووری خۆر هەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان..!.

وەڵامی ئەم پرسیارە سەختەو بەو هۆیە شەوەکە تا ئێستا بەڵگەیەکمان لەم بوارەدا لە بەر دەستدانییە و، ئاگاداری ئەو باسو خواسانەش نین، کە لە دانیشتنە ئەدەبییەکانی ناو مزگەوت دیوەخانەکانی ئەو رۆژگارە دا، لە مەڕ شیعرو زمانەکە مانەوەکرابن، بۆیە ناچار هەر پەنا ئەبەینەوە بەر دەقی شیعریی، شاعیرانی دیالیکتی گۆرانو ئەڵێین: ئەم قوتابخانەیە هەموویان پابەندی پەیڕەوی کردنی ئەو سیمایانە بوون، کە لە مێژەوە لە شیعری ئەم دیالیکتەدا هەبووە بەگشتی و، بە تایبەتیش کێشی رەسەنو خۆماڵییانەی (١٠) بڕگەیی، کە زۆرترین ئەدەبیی میلليو فۆلکلۆریمانی پێ نووسراوە.. لە سەرووشیانەوە مەولەوی، کە لە هەموویان زیاتر، پابەندی ئەم کێشە بووەو، پێشی وابووە کە شیعری کوردی، ئەبێ بەو کێشە خۆماڵییە بنووسرێ، چونکە خۆی، (الفضیلة)[٢٠] و (الفوائح)ە کەی بەزمانی عەرەبی و فارسی نووسیوە، کێشی تری بیانەی بەکار هێناوە، وەک چۆن لە (الفضیلة)ە کەیدا، کێشی (الرجز)ی بەکار هێناوە، کە کێشێکی (عرووز)ە و، بریتیە لە (شەش جار: **مُستفعِلُن**). کەچی لە (عەقیدەی مەرضیە) کوردییەکەی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە

پەیامی ئەم کتێبەش، هەمان پەیامی (الفضیلة و، الفوائح)ە، بەڵام چونکە ئەمیانی بە کوردی نووسیوە، بە کێشی (١٠) بڕگەیی خۆماڵیی دایڕشتووە.. ئەمەو، چونکە زمانە کەشیان بەری رەنجو شەونخوونی دەیانو بگرە سەدان شاعیرو رووناکبیرو زانای ناسراو و گومناوی ناو ئەو تەمەنە درێژەی مێژووی کولتووری ناو چەیەکی بەرین بووە.. بۆیە من پێم وایەکە: مەولەوی، ئەو قوتابخانە شیعرییە (عرووز ئامێزە عەرەبییە)ی نالی، بە کودەتایەکی نامۆو ناوەخت، زانیوە، بۆ سەر شێوە زمانی گۆرانی و، بە هیچ شێوەیەک لە کۆمارەکەی خۆیدا، تەنانەت وەک پرژی باسکردنیش، باسی نەکردوون و، جێگەی نە کردوونەتەوە.. چونکە وەک وتمان هەر نیشتمانی شیعری رەگ داکوتاوی (گۆرانی)ی پێ نیشتمان بووە.. بۆ پشتیوانییش لەم بۆ چوونەماندا، خۆش بەختانە، ماوەیەک بەر لە نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە، لە ماڵێکی شیعرو هونەر ئامێزی شاری (سنە)ی شیرینا، دیوانێکی دەستخەتی مەولەوی ـ مان دیبەوە، کە روو نووسی دەستخەتی مەولەوی خۆیەتی و، پێشکەشی (حاجی مامۆستا مینبەری)ی کردووەو، لە پێشکەش کردنەکەشدا ئەوە ئەسەلمێنێ، کە دیارییەکەی، واتە: شیعرەکانی بە شێوە زمانی (گۆرانی)ن.

## پەراوێزەکان:

**١ـ تەقەللا دیارەکانی ئەم مەیدانە ئەمانەن:**

**ـ رۆحی مەولەوی، بەرگی یەکەم : ١٩٣٥، بەرگی دووەم: ١٩٤٠، پیرە مێرد.**

**ـ دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لە سەر نووسینی: مەلا عبدالکریمی مدرس، بەغدا، ١٩٦١.**

**ـ گۆران: مەولەوی و شیعری موناسەبەت: گۆڤاری هەولێر، ژمارە: ٨، ٩، ١ ـ ١٩٥١ ز ـ**

**ـ گۆران: یادی پیرەمێرد ـ ل ٧٣ ـ ٨٢، بەغدا ـ ١٩٥١ ز.**

**ـ میهرەجانی مەولەوی: کتێبی ژمارە (١)ی کوڤاری (رۆشنبیری نوێ)، بەغدا، چاپخانەی**

(الزمان) ١٩٨٩.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلا ئەدین سەجادی، بەغدا، ١٩٥٢.
- ئەدەبی کوردیو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی - علاءالدین سجادی، بەغدا، ١٩٦٨.
- نرخ شناسی، علاءالدین سجادی - بەغدا، ١٩٧٠
- سۆفیەتی لە هۆنراوەی کوردی دا، علاءالدین سجادی. گوڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی شه شەم ١٩٧٨، ل ٣٧، ٧٧.
- أنور قادر محمد - الغزل فی شعر مولوی - جریدة التآخی - بغداد - العدد ٦٨١، مارث ١٩٧١.
- أنور قادر محمد - الطبیعة فی شعر مولوی - جریدة التآخی - بغداد - العدد ٩٨٢ - مارث ١٩٧٢.
- أنور قادر محمد گەشتێ بە جیهانی مەولەوی دا، گوڤاری بەیان، ژمارە ٣٣، ١٩٧٦.
- أنور قادر محمد لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی - ستوکهولم، ١٩٥١.
- دیوانی مەولەوی - محەمەد ئەمین ئەردەڵانی - بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩١.
- تصحیح مولد الشاعر عبدالرحیم المولوی - جریدة العراق - بغداد ١٩٧٧/١٠/١٢، ص ٣.
- مولوی شاعر رومانتیکی متصوف - العراق، بغداد ١٩٨٠/٧/٣٠ ل ٣
- مولوی فی وثائق قدیمة، کاروان، بغداد العدد ١٣، ١٩٨٣، ص ١٤٢ - ١٨١.
- التصحیح بین الموضوعیةو الوضعیة، کاروان، العدد ٢، ١٩٨٤، ص ١٤٩ - ١٥٩.
- أ.ب. هەوری - مەولەوی شای شاعیرانی لاهوتو زانایيو خۆشەویستی کورد لە چەرخی نۆزدە هەمدا، سلیمانی، ١٩٧٣.
- ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد، ئەمین فەیزی، ١٩٢، ل ٧ - ٨.
- حسین حوزنی موکریانی، مەولەوی، (ڕووناکیی)، ڕەواندوز، ژمارە ٧، ١٩٣٦.

- جواب بۆ جناب حسین حوزنی موکریانی محترم - ژیان، سلیمانی، ١٩٣٦، ژماره ٤٧٦، ل ١ - ٢.

- الواقعية فی الادب الکردی - الدکتور عزالدين مصطفى رسول - بيروت ١٩٦٦، ص ١٥٢.

- عەلی شێخ عومەری قەرەداخی، مەولەوی سرووشت، بەغدا، ١٩٧٨.

- ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبەندی - تەصەووف چییە - بەغدا، ١٩٨٥.

- یادی مەردان، بەرگی دووەم، مەلا عبدالکریمی مدرّس، بەغدا، ١٩٨٣.

- محەمەد عەلی قەرەداخی، شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی ٦، ١٩٧٨، ل ٢٢٦، ٢٦٩.

- محەمەد عەلی قەرەداخی، عەقیدەی مەولەوی، بەغدا، ١٩٧٧.

- محمد الملا عبدالکریم، مولوی فی وثائق قديمة، التصحيح و تعقيب، کاروان، العدد ١٧، ص ١٤٢ - ١٥١.

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی - علاءالدین سجادی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١، ل ٢٨١.

٣- یادی مەردان - بەرگی دووەم، مەلا عەبدوالکەریمی مدرّس، بەغدا، ١٩٨٣.

٤- دانای هەورامی، پیر شالیاری زەردەشتی، بەغدا، ١٩٦٨.

٥- (سەرئەنجام)، ماشەڵلای سووری - تاران، ١٣٤٤.

٦- مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی سەبارەت بەم کتێبە ئەڵێ: (شێوەی شیعرەکان و ناوەرۆکیان ئەیسەلمێنن کە دیالیکتی هەورامی (٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر، زمانی ئایین بووە - زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، بەغدا، ١٩٨١، ل ١٧

٧- لیریکای شاعیری گەورەی کورد، ئەنوە قادر محەمەد، ستوکهوڵم، ١٩٩، ل ٣٢.

٨- مینۆرسکی، گۆران، وەرگێڕانی ناجی عباس، گۆڤاری گەلاوێژ، بەغدا، ژمارە: (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١) ١٩٤٤.

٩ـ محمد أمين زكي، تأريخ الدول و الأمارات الكرديه في العهد الاسلامي، ترجمة محمد علي عوني ـ القاهرة ١٩٤٥، ص ٢٧٦.

١٠ـ ليريكاى شاعيرى گەورەى كورد، مەولەوى، ئەنوەر قادر محەمەد، ل ٣٨.

١١ـ يادى پيرەمێرد،و تارى مامۆستا گۆران، بەغدا ١٩٥١، ل ٧٨.

١٢ـ تەنيا نامەيەك لەم (٣٨) نامەيە،كە بۆ (كاك ئەحمەدى شێخ)ى نووسيوەو، تا ئێستا نازانين كە ئاخۆ (كاك ئەحمەدى شێخ)يش بۆ دڵنەوايى مەولەوى، دياليكتى گۆرانى خۆش ويستووە، يانا؟!.

١٣ـ بڕوانە ئەم نموونانە،كە باسى جۆرەكانى (با) يان تێدايە؛ بە تايبەتى (نە سيم):

نە وەخت هيجران، ويداعت فاما    نە وەشەماڵدا پەيامت ئاما!

ل ١٣

ئاماوە وەهار، وەهار شادى    بۆى عەتر نە سيم خونچەى ئازادى

ل ٣٨

زاينيم هەر يەند جەحەد بەر شىيەن    نە سيم ئەر بارۆم عەجايب نييەن!

ل ٤٩

رجام هەن فەردا نەوگەردە لوولدا    بويەرى نەژێر سايەى رەسوولدا

ل ٩٩

گا چۆن بۆى نە سيم وە رووى شەتاودا    گا چۆن گوڵ نەپاى چوڕەى بەفراودا

ل ١٤٦

ئەو سەبوون سفتەى پڕداخ بێ پەرداخ    تۆ بۆى شنۆى باى ئێلاخى دەماخ

ل ١٤١

*************

نە سيم بەس بويەر وەكۆ ساراندا    وەسەن شاناى وەڵك وە دياراندا

ل ١٤٢

شنۆی ڕەشە بای زووسان هیجران سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان

ل ۱۲۹

***********

چون وەڵک شادیی، من وای دووریی لەیل وەیشووم بەرد ئەو هەرد، نەو ڕشتەی‌سوەیل

ل ١٦٠

************

پووش ئایریچم جای نە سیم نییەن هۆر کەردەو بەردیم تا وەلاش شییەن

ل ۲۷۵

************

چ شیرین زەڕگەر، تۆف هەوای سەرد گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد!

ل ۲۷۸

************

شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وەفیدات بام وە سەرگەرد باڵ شانای هەوات بام

ل ۳۳

************

۱۴-بڕوانە ئەم نموونانە:

چەپگەرد پەی دوریت شانا مۆرەی نەرد وە زاهیر (بانە)ش وە بە هانە کەرد

ل ۸

جە (سەرقەڵا) وە مەگێڵوون پەی تۆ، دەک دیدەم هەردوو صەدجارفدێت بۆ

ل ١٦

تانجەرۆ ـ ی ئەی چەم سیروان ئەوچەم جۆشاوێ وەهەم، ئەی چەم تا ئەو چەم

ل ۱۳۱

سەر بەرکەر نەسەرکۆی ـ ئاتەشگا ـ وە       بـدیە وەمـەسکەن: (خـانەگـاو پـاوە)

ل ۳۰۴

زار زارو خاس خـاس وەزار بـنالە       جاگێڕ نەسەر ئەوج قوللەی (قەزاڵە)

ل ۳۰۴

دڵەی خـەم خـەیاڵ، جـۆش ئـاوەردەوە       (مەعدووم) هەم هەوای (زەهاو)کەردەوە

ل ۲۴۳

دیدەم (ڕێژاوە) روخسـارم(زەردە)ن       جە داخ (یاران)، (پـیران)م کـەردەن!

ل ۲۵۴

ئا دەور مدۆ وە (شاهۆ) کۆ ـ وە       وە سزای دووریی دیـدار تـۆوە..

ل ۳۰۹

فەفعای سایەی عەرش دانای‌جەلیلەن       یا بارەگای پاک (سەید خـەلیل)ەن.

ل ۳۵۷

وادەی خـاو نـییەن، وادەی شکـارەن       دەشتەکەی پای هەرد (شاکەل)دیارەن

ل ۳۷۳

گێچ مـەدا سـەبوون شـارەزوور دڵ       سیروان هووناو، دەروونش گوڵ گوڵ

ل ۴۱۸

وا ژاوش مـەویەرد نـەونەمام دەم دەم       تاف مەوەست سەراو چەرخ زەڵم‌چەم

ل ۴۱۸

خاو خاو پەی نە چیر چـەم وەنـیگاوە       تەک مەداین وەک کۆی(ئاتەشگا)وە

ل ۴۹۰

من ماتو بـێدەنگ، بـێ صـەداو نـاڵە       یەکێ بیم چون سەنگ (قوللەی‌قەزاڵە)

ل ۴۹۰

ئیسه وه ئەڵماس دووری دڵ کاوام    مەلال بەد حاڵ (ئەردەڵان) مـاوام

ل ۴۹۲

دەی سا شو بویەر نەو صوبسەحەردا    چون دووی هەناسەم وە (ئـاویدەر)دا

ل ۴۹۳

هانە (بانە) دا بێ کەس کەفتە بێ    دیار بی ئازار تـۆ شـنەفتە بـێ..

ل ۴۹۸

ئـــایر ســـەندە بـــێ، جـەگـردین لاوە    پووشەکەی جەستەش وە (ئار بەبا)وە

ل ۴۹۸

گێچ (زرێوار) هەرسم مەوج وەردەن    سارای (مەریوان) تەمام هەڕکەردەن

ل ۵۰۰

شەوان هام رازەن، روان هاو ماڵەن    (قلب الاسد)م، قەدس (سـاراڵ)ەن

ل ۵۱۸

هەوای سەر (ساراڵ) وە خصوص وەتەن بۆ    ئەرچی صەفای رۆح، راحەتیی تـەن بـۆ

ل ۵۲۹

وە هەرجا تەشریف تـۆ ئـەرزانـییەن    هەر دیدە پەی تۆ (هەزارکانی) یـەن

ل ۵۲۹

هاڵ بەد هاڵ، بـەدەن هـاڵیو هـەواڵـە    یانی های چون سەنگ (قوللەیقەزاڵە)

ل ۵۳۲

ئـــارۆ مـن دەردم سـەر مـەشق قـەیسەن    نە جدم صارای صاف پای قوللەی (وەیس)ەن:

(دەستخەتەکەی لای خۆم)

۱۵ـ یادی پیرەمیرد،و تاری مامۆستاگۆران، ل ۷۵، بەغدا، ۱۹۵۱

۱۶ـ میهرەجانی مەولەوی، بەغدا، ۱۹۸۹، ل ۱۳.

١٧ـ بڕوانەو تاری: فاتح عبدالكريم، ل ٤٧، میهرەجانی مەولەوی. هەر وەها لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ل ٧٥، ٧٦. ستوکهۆلم، ئەنوەر قادر محەمەد، ١٩٩.

١٨ـ یادی مەردان، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٨٣.

١٩ـ هەمان سەرچاوە.

٢ـ بڕوانە، الوسيلة فی شرح الفضيلة لعبدالرحيم المولوی، بغداد، ١٩٧٢.

٢١ـ بڕوانـە: عـەقیدەی مـەرضیە. دانـانی سـەید عـەبدولرەحیمی مـەولەوی، شـەرحو لێکدانەوەی مەلا عبدالكريمی مدرّس بەغدا، ١٩٨٨.

ناوەڕاستی هاوینی

١٩٩٢